کۆمان کۆمان گۆرانەوە ... 69 ... کەریم کاکە

بابەگوگۆ کۆی دەدا و ست ئیمامیش شیر
..

...69

مانگ لە ئاسمان و هەموو جێ هەر مانگەو تەواو
لێ کاتێ بە پێی خێ داوێتە ناو کانی و بەراو
ژن بە پرچی کراوە و سینگی واڵاوە دەوری دەدەن،
مانگ چیدی مانگ نیە، دەبێتە تاسکڵاو

ساڵان ئەو رۆژەی کارتی کۆتایی ساڵم وەردەگرتەوە، یەکێ دەگەیشتمەوە ماڵ، پێم بە زەویەوە نەدەما، دەمگوت بابم:
کەنگێ دەچینە دەشت؟
دایکم دەیگوت:
ئەو کۆەی من لە ناو قەیسەریش بیبەستنەوە نابێتە شاری، دەڵێی فرچکی بە گوند گرتووە.
بەو چەند جارەی سەردانی گوند، سەردانی پیری سوارچاکان و گوێی کەساران، وەك بڵێی بووبمە گوندی، پیری سوارچاکان لە خۆشی و جوانیی گوندی گرتم، خێ لە بیرتانە چەند تەێ لە قەرسیل و زەنوێر تەێتر تەواری دەگۆڕایەوە.
بە مردنی پیری سوارچاکان لە گەڕانەوەی گوند، لە گەشتی هاوینانەم بێ هاوینی فڕنکی ئەوێ، ئومێدبێ بووم، ئاخر تا ئەو لە ژیان مابوو، دەمگوت هەوکە نا دەمێکیدی خودا جاحێلی دەکاتەوە و دەچێ بە زەبری تفەنگێ گوندی خێی وەردەگرێتەوە، داخی گرانم، خودا گوێی لە پاڵانەوەی نەگرت و بێ سێ رۆژ جاحێلی نەکردەوە.
ئای بێ هاوینی ئەوێ، لە بن کەپرەکەی پشت ماڵان دادەنیشتین، لە لای جێخینانەوە بایەکی دەهات فێنك فێنك لە چ پانکە و کونەبایەکەوە بای وا فێنك نەهاتووە، ئەدی ناو بەستان بێ ناڵێی، بە دڵی خێ تەرزی و گندرەمان لێدەکردەوە، من بە بڕکەوە هەمدەکێشان، پیری سوارچاکان فڕیکردم:
کۆم، ئەها، ئەوها ئەوها، نابێ بڕکەکەی هەکێشی.
لە ناو بەستانێ شەمامەشم دەدیتەوە، تا بە دەستی خێت شەمامە لە بڕك نەکەیتەوە، تام لە شەمامەی ناو گڕانی ناکەیت، وای بۆنی چەند

خۆش بوو، ئەدی کە کەند و کەند شێدەبووینەوە بەرەو بەستی شەرغە، ئەو شەرغەیەی پیری سوارچاکان گۆتەنی:
هەر ناوەکەی نا، ئاوەکەشی لە هەنگوینەوە هاتووە.
لە گۆماوەکانی شەرغە دەبووینە مراوی و بە (کوێە فڕکە هات)یش، بە پیل راکێشانیش نەدەهاتینەوە، ئای مەلەی ناو بەستێ، لەگەڵ بەستێ چووی و ناتبینمەوە، لە هاتنەوەش لاماندەدایە بەراوەکەی پیری سوارچاکان و تەماتەی مزر مزرمان دەخوارد، سواری جەنجەڵیش لەوێ، وای کاتی بە دەوری قرشەی زۆر و بڕند کە هێندەی گردێك هەڵدرابێوە، دەسووڕاینەوە دەتگوت بە دەوری گڵی زەویدا دنیا گێرەدەکەین.
بە کارتەوە لێژە لێژ دەهاتمەوە، کارتەکەم بە دەستەوە، هەرکێ دەیدیتم وای وێنادەکرد لە چەند وانەیەك کەووتووەمە، لە نزیك ماڵێ، مام مەردان گۆتی:
کوڕم گوێ مەدێ، کوێەکەی منیش کەوت، ساڵی دادێ باش بخوێنە.
گوتم:
من نەکەووتووم، یەکەم بوومە
گۆتی:
ئەدی لێ وا کزی! بارە خوێت کەوتەتە زێ؟
چم نەگۆ، چ بڵێم! بڵێم، باپیرم مردووە و چیدی ناچێتەوە دەشتێ و منیش ناچمەوە سەردانی، بڵێم قادری شێەبی هەڕێی بە منداڵانی بەلاشاوە دابوو:
شێش سەرکەوێ، هەوێدەدەم لێرە، لەو دەو کەندە گۆمکی گەورە بە چەمەنتێ دروستبکەم، هاوینان گەورە و گچکەی بەلاشاوە لە ئاوی خاوێن مەلە بکەن..
هێی شێەبی، تێ لە تێی شێش چووی، شێش لە تێی خێی چوو، شێەبی، من چەند دڵم بەو گۆمە خۆش بوو، ئیدی چوو، هەموو چوو، بە مردنی پیری سوارچاکان و سەرهەڵگرتنی گوێی کێساران وتوانەوەی شێش هەمووی چوو، چ ناهومێدیەك گرتوومی!
کیسە تووتنی بەر پشتێنی مام مەردان، بەراوی تووتنی بیرخستمەوە، چەند لە کیسەکەی پیری سوارچاکان دەچوو، ئەوەی لە کەوڵی گوێی کێساران بوو، هەر ئەویش بە پەنجە وردیلەکانی خێی بێی دووریبوو.
پیری سوارچاکان لە کەندی خوار کانی پیاوان، لە بن ئەو گەوەیەی لاڵوی ئەشکەفتی گەورەی ئەوبەری لێوە دیارە، تووتنی چاندووە، چ تووتنێ! هەر جغارەکێشێ سێ جغارەی لەو تووتنە کێشابێت، تامی لە چ جغارەیدی نەکردووە، بە جغارەی کاسترێ و سەدامیشەوە.
پیری سوارچاکان دەیگێ:
جغارەیەك لە تووتنی بەراوی خێم نەبێت، وەك ئەوەیە پووشکە بکێشم.
من لەگەڵ پیری سوارچاکان بە ناو بەراوی تووتن گەڕابووم، دیتبووم

چۆن ئەو پەلکە پانانە لێدەکاتەوە و دەیخاتە ناو بەرانپیلەکەوە و پێکەوە هەڵیدەگرین و دەیهێنینەوە بن کەپرۆ، دەمدیت چۆن بە داری درێژی باریکی نووك تیژی لە شێوە تیریانەوە دەکات و وشکیان دەکاتەوە و دواییش چۆن وردیان دەکات و دارکیان لێ دەگرێت و کەمێك بە بایان دەکات و کیسەکەی پێدەکات و جغارەیەکی لێ پێدەکات و هەڵمژینێ هەڵیدەمژێ، دووکەڵ نایەتەوە، دەڵێ:
تا تووتنی تەڕوارم هەبێت، من دەژیم
پیری سوارچاکان دەیویست بە جغارەکێشان بسەلمێنێ کە تووتنی وی نەك هەر زیانی نیە، بگرە تەمەنیش درێژ دەکات، رووی لە بابم دەیگێت:
ئەو کوڕەی من چۆن هێندەی من دەژی، چوار جغارەی لە تووتنی بابی نەکێشاوە.
پیری سوارچاکان دوایوەی گوند و بەراویشی نەما، ماوەیەك هەر لە تووتنی ئەوێی دەکێشا، زۆری داکردبوو، یەك دوو فەردە تووتنی لە سەر ئەستێکێ دانابوو، ئەو وەرزەی تووتنی تەڕواری لێ بڕا، بیرمە گوتی: ئێستا مردن پێمدەوەرە.
بیرمە، لە وەرزی مردنێ، گوتی:
ئاخ، ئاخ، نە هەمینە سەرم ما، نە تووتنی مەفتەنێ.
پیری سوارچاکان بێ زیانیی تووتنەکەی بێ ئاو و خاکەکەی دەگێڕایەوە، پێیوابوو، ئاوی هەنگوینە، خاکی زێڕینە، بەردی مەرجانە، گوندەکەی ئەو لە گۆی زەوی جوایەز بوو، وای دەبینی تیلمێکی بەهەشتە و خودا بە دەستی خۆی بۆیویەتی و لوولی داوە و فریشتەکانی هێناویانە لێرە لە بن پێی خۆی و خەجێی ژنی رایانخستووە، بۆیە هەرچی لێ بچێنی و بەر بدا، خواردنێکی بە هەشەتیە و زیانی نیە، دەیگێت:
لەو خاکە، ژەهر تێکە، رەژگوێ گوێ دەکا.
ئەدی کاتێ دەهاتە سەر باسی هەیڤ و هەیوەشەوی ناو بەراوێ، پیری سوارچاکان پێیوایە مانگی چ جێیان لە جوانی و پێی ناگاتە مانگی ئاسمانی گوند و ئاقاری وی، لە بنی دڵەوە دەیگێت:
ئەنگێ وەرن لە مانگە شەوێ بڕوانن مانگی ناو کانی و بەراوی من، هەینێ جوانیی مانگ دەبینن‌وە، لەوێ بێ گوێی کێسارانی من دەبێتە تاسکێاو.
پیرێك لەو تەمەنە و وا جوانی پێدا هەبێ، بە من ناڵێی چۆن نەبمە ئەویندارێ تەڕوار و بەستی شەرغە!
هێی ئەو هاوینە، چ نائومێدیەك گرتبوومی، وەلێ بابم و کەویار و فازیل رەحانە و کێتر و پایسکل و گۆانەوەی سەربردان و پەیدابوونی نەنکی تازە و هاتنەدنیای برای تازە و شتی زۆر هەن، ئومێد دەبەخشنەوە، نەنکی تازە، رەقەیەی کەپوو درێژکۆلەی بسك خەنەیی چاو

هەمیشە تژی کل، خرخاڵ لە پێی گەردانە لە مل، ئەو نەنکەم، دایکی دایکەم، جاری یەکەم لە بەفری قەندیی کێوێ دیتبووم، بۆیە تا درەنگیش بە (نەنەی کێوێ)بانگمان دەکرد، ئەو نەنەیە کە تۆ بۆ کۆڵانێ خەمی لەبیربردمەوە، هەندێ سەربردەی ناسکی وی دەگێڕمەوە:
نەنەی کێوێ لە کێوێوە بە خ و کۆڵەکەیەوە هاتنە چاوەکەی پیری سوارچاکان و گوڵی کێساران، دەستکیان پێداهێنایەوە و دەرگەیەکی باشتریان تەخست، بیرمە کلیلی دەرگاکەیان داربوو، بستێ درێژ، کەل کەل بوو، بەکارهێنانی ئەو کلیلە شارەزایی دەویست، من ئێستاش فێرنەبووم، کۆڵەکەی چێوە سەربازی و بۆوە عەریفەکەی جاران، ئەو خاڵ و زەخاڵانەی من دەتگوت بە تیرە عەریفن، مەجید و حەوێز ئەو دووە دوایوەی لە هەمەدان هاتنەوە، یەکیان گێڵەکەی کەوتە بەکرەجێ، ئەویدی ئاقاری کەلارێ، ئەویدیان ردێنی لە عەریفایەتی سپی کرد، ئەو شەفیقەش کە لە هەمەدان هاتەوە، چێوە عەریفی، لەوێوەوە گەیشتەوە چیا، نەنەی کێوێ گێتەنی:
بە پێستاڵەوە بە هانای مەلا مستەفاوە چوو، ئێستاش گەڵایەوە عەریفی.
خاڵم زەرن ناوی هەر یەکیان بێنی دەبێ عەریفێکی پێوەنێی، ئێ، نەنەی کێوێ زوو لێی قەوما، منداڵی سەرکەوبنکەی بە سەردا جێما، گێڵی مێردەکەی بە دوو کێلی بێندی وەك هی وەلی دێوانە،نازانم بۆ کەوتە گوندی کێلە سپی! } لەو رۆژانە، رۆژانی نووسینەوە کێشان کێشان، واتە دوای نزیکەی هەشتا ساڵ، چوومە سەر گێڵی ئەو باپیرەم، دایکم بەو بەردە بابی ناسیەوە کە نەنکی لە سەری دادەنیشت و وردە فرمێسکانی بە سەر گێڵی کۆڵەکەیدا هەڵدەوەراند{ ئەو چیرۆکە با بۆ دوایی بۆ..
نەنەی کێوێ وەك ژنێکی هەینێ ، شوو بە شووبراکەی دەکاتەوە، ئەو پیاوەی ژنە فەلەیەکی موسلمان کردبوو، زەریش خێی پێوە بادەدا و پێیوابوو بەوە بلیتی بەهەشتی بۆیوە، ناوە ناوە دەیگۆت: من بۆ مردن سەرم پێوە نیە، چونکۆ بەهەشتم لەپێشە.
نەنە دوای کچ و کوڵە، دەڵتە پیاوی رێی بەهەشتێ:
من لە ماڵی خۆم، تۆ لە ماڵی خۆت، پێ ئاودیوبکەیت، دەرمان مشکت دەرخوارد دەدەم و دەتنێرمە دێزەخێ.
دیارە پیاوی رێی بەهەشتێ، گومانی لە گەیشتنە بەهەشتێ هەیە، بۆیە پێ ئاودیو ناکات، ئەوەش چیرۆکێکە، جارێ لێیگەڵێ..
هاتنی ئەو نەنکە بۆ من نزیك لە هاتنەوەی گوڵی کێساران بوو، جێی وی نەگرتەوە، بەڵام تەواوێك لە بیریبردمەوە، خدێم پێوەی گرت، ئەو نەنەیە هەر شتێکی دەگێڵایەوە دەبووە چیرۆك، چ چیرۆکخوانێ بەهەقایەتبێژەکەی سەیداوە و شێرزادەکەی کووران و یەشارەکەی ئەوێ

و کازانتزاکیەکەی هەوەتریش کەس نیە وەك ئەو نەنکەی من چیرۆکان بگێڕتەوە، ئەو ژنە تەنێ ناوانی گوتبا، تەنێ ژمارەی ژماردبا، لەوەش هەوەتر فاتیحای خوێندبا، دەبووە چیرۆك، ئەو ژنە پێکهاتەکەی چیرۆکی هەڵکەوتبوو، لە زمانیش پەیڤی وای گێ دەکرد، من نە لە گەڕەك و باژێڕ نە لە ناو کتێبی قوتابخانە نەمبیستبوو، نەنکی من بە ددانی دەگێ دگان، لە جیاتی بێژ: کرێشتی، دەیگێ:وای وای کرێتی، هاتیشی وەك ئەمە نەبوو، دەیگێ: هاتگە، لە هەمووی خێشتر (من خێش تێ خێش)ەکەی بوو، هێندەی دەگێ، دواتر هێندەی نەمابوو ببێتە نەنەی من خێش تێ خێش.
ئێستا سەردانی ماڵی شەمەندەفەرمان لە پێشە، لەگەڵ نەنەی من خێش تێ خێش و ژنە جوانە شەلەکە و.. بەرێکەوتین، لە کۆماری لامان دایە ماڵی دادە بۆری، ئەو ژنە دەستی پێ بازنە، خرخاڵ لە پێ، بسکی لوول لوول ئێستاش نەمزانی لە چی دەچێ، دواتر کە گوێم لە گۆرانیی (شەنگەبیرۆری ساڵی ساڵان لە کۆستان لە بەر مەڵی..) دەبوو، ئەو بۆریەی کۆماریم بیردەکەوتەوە، ئێ، لەوێ چایەو برێشکەمان خوارد و بەرێکەوتین، بۆریشمان لەگەڵە، لەو جادەیە پەرِیِنەوە کە ئیزرائیل لە شێوەی ترومبێل هات و مینکەی شمشاڵژەنی تیا برد و شاری بێ شمشاڵ هێشتەوە و هێندەش نەمابوو من و بابیشم بە بە دوویدا بچین، گەیشتینە هێڵی شەمەندەفەر، هەر ئەو هێلەیە:
((- بابە،ئەو شەمەندەفەرە دەچێتە کوێ؟
+ کوێم، دەچێتەوە ماڵی خێی.
– ماڵیان لە کوێیە؟
+ لە پشت ئەو داروبارانەیە..))
لەو شوێنە ئەو پرسیارەم کرد کە جارێك بە نیازی بوونە درهەم نیودرهەمم خستە بن پێی شەمەندەفەر، من ئاشنای دیوی دەرەوەی شەمەندەفەرم، زۆر جار بە تەنیشتما وەك مار فیشکاندوویەتی و تێپەڕیوە، بەڵام ناوەوەی بێ من نهێنیە، بە دڵ حەزمدەکرد سەرێك لە ماڵەکەی بدەم و بزانم چی تێدایە، چی دادەنێ و چی هەدەگرێ.. پێدەچێ پرسیارەکەم کەوتبووبێتە پایزەوە، چوونکێ کە روانیمە داروبارەکانی لای ماڵی شەمەندەفەر، دیتم با لە سەر زەوی گەمەی بە پەلکی داران دەکرد، کەواتە ماڵی شەمەندەفەر کەوتێتە پشت پایزەوە.
ئەو رۆژەی لەگەڵ نەنەی کێیَ تەواوێك لە ماڵی شەمەندەفەر نزیکبووینەوە، هەر دەبێت دنیا بەهار بووبێت ، ئەو ناوە کەسك کەسك، لە بابەگوێگوێەوە بگرە تا دەگاتە سوت ئیمامی کەسکدەچێوە، ماڵی چڵی شەمەندەفەر و ئەو دەور و بەرە هەمووی کەسکدەچێوە، دیارە لە بەختی رەشی من شەمەندەفەر سەردانی کەرکووك و بەغدای

کردبوو، نەنکم وای گوت.

دڵتەبیرم نەنەی کۆیە لە نێوان دوو ژن دەڵێی، منیش دەمێ لە پێشیان دەمێ لە پشتیان، ژنکیان ژنە جوانە شەلەکە بوو، دیتم لە تەنیشت بابەگوگۆ، بابەگوگۆی تا خودا دەڵێ بەس باڵا بەرز، نیو مناڕەیەك بەژنی هەیە، خۆی غلۆردەکردەوە، بە دەنگێ هەر ئەوەتا دەبیسترا:
بابەگوگۆ بە گوێ هاتم، بۆ کوێهاتم..
ژنەکەیدی بۆری، ئەوە ژنە ئیشی بە بابەگوگۆ نەبوو، سێ چوار منداڵی هەبوو، لەوێوە چووینە سەر گۆڕکی ئاسایی، ئەوە ناوی سوت ئیمامیە، هەندێك (ست)ی دەڵێن، پلکی کەویار داوای شیری لێدەکات:
مەمکم چ شیری نیە
کۆرپەم گەلەك برسیە..
درەنگ پێکەوتم (سوت) شیرە، ئەوە ژنانەی مەمکیان شیری کەمە رووە لە ئیمامی شیر دەکەن، ئەو ژنانەی منداڵیشیان نابێ رووە لە بابەگوگۆ، هێندەش لێکدی دوور نین، درەنگتریش تێگەیشتم ئەو (سوت)ە چ پەیوەندی بە شیری تورکەوە نیە، ئەفسانەی ئەو گۆڕە هێشتا باپیرەی گەورەی عوسمانی عوسمانلیش نەهاتبووە دنیایێ، هاتە سەر زاران، ئەو گۆڕە لە حەفتەکەیە، ئەوانەی لە سەر قەڵاتەوە باڵیان لێکدا و هەڵفڕین و گۆڕی هەر یەکەیان کەوتە جێیەکی شار، ست ئیمام و بابەگوگۆ هێندە لێکدی دوور نەکەوتنەوە.
باشە، لە بابەگوگۆی منداڵ و ست ئیمامی شیر گەڕ، با سەرێك بە ماڵی چاڵی شەمەندەفەردا بکەم، زۆر کەڵەت خەونم بە ماڵی شەمەندەفەرەوە دیتبوو، هەرکی درۆژ، درۆژتر لە کۆڵانی موورتکان، ئەو کۆڵانەی مەگەر کۆڵانی قەنەفێی قەیسەری ئەو بۆنە خۆشەی لە بەرکی هاموشکەرانی دابێت، ئەو کۆڵانە لە کن ئاوی کەسکوسار و ئاوی میریی پشانەوە درۆژدەبووە دەگەیشتەوە ئەولای ماڵی شەمەندەفەر.
ماڵی شەمەندەفەری ناو خەونەکانی من هەزار دیوەخانی وەك هی باپیرم بە تەنیشت یەکەوە بن ناگەنە درۆژیی ماڵی شەمەندەفەر، لە خەونەکانی من جادەی خۆی شەستمەتریش بخەیتە سەر باری درۆژی ناگاتە ماڵی شەمەندەفەر، دیارە لە دەرەوەی خەونیش ماڵی شەمەندەفەر لە بیرکردنەوەی من زۆر گەورە و بڵند و دوورو درۆژ بوو، ئەگەر وا نەبێت چۆن جێی ئەو شەمەندەفەرە دەبێتەوە کە سەری گەیشتۆتە ناو دارەکانی نزیك ماڵی خۆیك بنی هەر لای ئەو جێیەیە کەو نیودرهەمەکەم لە بنی دانا.
گەیشتین لەگەڵ نەنەی کۆیە گەیشتینە بەر دەم ئەو خانووەی کە بە

قسەی بابم بۆت، ماڵی شەمەندەفەرە، سەرەتا وای بۆ چووم کە ئەو ژوورە دەروازەی ماڵی شەمەندەفەرە، رەنگە ماڵەکە کەوتبێتە بن زەویەوە، دڵتەوە بیرم پرسیاری ماڵی شەمەندەفەرم لە نەنکم کرد، وەک بڵێی تێمنەگات، دەیگوت:
ماڵی چی، کوڕم ماڵی چی؟!
پرسیارەکەم بۆی ئاسانکرد:
ئەدی شەمەندەفەر شەو لە کوێ رادەوەستێ؟
گوتی:
کوڕم هەر لە سەر ئەو ئاسنەی بە سەریدا دێ، دەگەڕێتەوە..
تا دواتر هەمان وەڵامم لە بابمەوە نەبیست، قسەی نەنکمم بە راست وەرنەگرت.
لەگەڵ نەنەی کڵێ بۆ سەردانی پایز بە سەر هاوین و پایزەکدا بازدەدەم، دوای سەردانەکە دەگەڕێمەوە هاوین و پایزەکەی ساڵی دەڕۆ، زستانێکی تووشە، شەوانی سایەقەیی و زوقم تف هەڵدەی دەیبەستێ، دەمەو بەیانان میزیش دەکاتە چلووڕە، من کە لە کەلێنی دەرگاوە میزم هەڵدەدا بابم بە پێکەنینەوە دەیگێ:
کوڕم زوو بیپسێنەوە، با میز بە دەرێت نەبەستێتەوە..
جستانێکی تووش بوو، سبەینان بە مەنجەڵ ئاوی کوڵاو بەلووعەی ئاوێ دەبۆوە، ئەو زستانە گەمی شەختە کە کەوتبووە نزیك ماڵی حەمەد مەستان پاسکلی بە سەردا دەڕۆیی، من کە تازە فێری پایسکل هاژتن ببووم، بە نیوە پەیدان و لە ناو پەیدان دەمهاژشت، بەو پایسکلە گەورەوە، پایسکلی زەلامان ئەو سەر و سەری گەمی شەختەم دەکرد، پاسکل هەڵدەخلیسکا، شەختە نەدەشکا، کچەکەی حەمەد مەستانیش پاسکلەکەی بابی دەهێنا، ئەو پاسکلەی کەس حەمەد مەستانی بەسەرەوە نەدیتبوو، هەندێك دەیانگ: وێدەچێ شەوان دەمی ماڵنووستنان باژوا، ئەو کچە نەیدەویست کەویار بە تاقە کچی بەلاشاوە لە ناو پەیدانی پاسکلی گەوران بمێنێتەوە، بەڵام فڕێنەبوو، دوایی دەگەڕێمەوە هاوینێ و بەزمی پاسکل و فڕبوون، ئێستا دیمەنێکی سەر شەختەی کچەکەی مەستان دەبینین:
من و کچەکەی مەستان ڕۆژانی شەختە بەر لە هەمووان دەگەیشتینە سەر گەمی شەختە، هێشتا منداڵانی بەلاشاوە پرخە پرخی خەویان بوو، هێشتا شامینکفرێشەکە (شامینك، شامینك، لێبیا..)بوو من و ئەو لە سەر شەختە پاسکلبازیمان دەکرد، دیارە ئەو زۆر جار لەگەڵ پاسکلەکە غاریدەدا، جاروباریش پێیەکی دەخستە سەر پەیدان و کەمێك دەڕۆیی، سپێدەیەکی شەختەیی، بە بەر چاومەوە کچ و پاسکل کەوتنە بن شەختە، ئەها تەنێ سووکان و کوشین و سەر و پرچ دیارە، ئای چ بکەم، ئەها دەست رادەوەشێنێ، دیارە گازی من دەکات، بەڵام من نەوەرام لە

شەختە بدەم و بگەمە هانای، دواتر ئەو رووداوەم خستە چیرۆکەوە لە چیرۆکەکە کوەکە لە چاو تروکانێ بە سەر شەختە و بن شەختەدا دەگاتە کچە و دەیخاتە سەر ملی و..لە چیرۆکەکە گەڕا، ئەو چیرۆکەی کەس نەیدی، من کۆی ناو چیرۆك نیم، منی نەوەرۆك نەك کچەکەی مەستان کەویاریش نوقم بێ دەوەرم خێ لەو شەختەیە بدەم؟ لە چاوتروکانێ بە زاری پێ هاوارەوە گەیشتمە سەر کۆسپەی پێش دەرگای ماڵی مەستان، دەستم نەگەیشتبووە دەرگا، مەستان بە پێخواسی دەرپەڕی، دیتم بە پێیە پانەکانی پێ پێ شەختەی شکاند وپێ پێش بەژنی نەویتر دەبوو، کچەکەی وا لە سەر شانی، پایسکلەکەش بە دەستیەوە، حەمەد مەستان دوو شەکرۆکەی دامێ و گوتی:
چیدی سبەینان زوو مەچنە سەر گەمێ.
سەربردەکەم لە ماڵێ گەڕایەوە، هەر ئەو رۆژە نەنەی کۆیێ چەند جارێ سەربردەی من و کچەکەی مەستانی گەڕایەوە، جار لە دوای جار بەتامتر، هێند جوانی دەگەڕایەوە کەس لێی تێرنەدەبوو، من باوەڕم نەدەکرد ئەوە سەربردەی من بێ، چیرۆکی من بێ، لە خەیاڵ دەچوو، دەستراوەشاندنی کچەکەی بە شەوەیەك نیشاندەدایەوە من لە تەمەنم دیمەنی وام نەدیبوو، دەتگوت دەستی پەریەکە و لە ناو زاری دەوەوە، ئەدی خرمە خرمی شەختەی بن پێی حەمەد مەستان! ئەدی… نەنکم ناوی لەو چیرۆکە نابوو، کچی ناو شەختە، من زوو زوو دەمگۆ:
نەنە، هەقایەتی کچی ناو شەختەم بێ بگێڕەوە!
هەر لەو زستانە، کەندێ پێش ماڵێ هەستانێك هەستا، کەند چیدی هەستانی وای بە خێیەوە نەدی، خانوو کەوتە ناو ئاوێ، لە چاوی منەوە لەو ساوایە دەچێ لە ناوەندی تەشتێکی گەورەی پێ ئاو دانیشتبێ و بزێنێ، گومم دەزرینگایەوە ،گومم لە زیەی خانوو بوو، هەموو لە پشتەوە دوور لە خانوو بە دیار خانووەوە لە بن بارانێ چاوەڵی کەوتن و بە ئاوداچوونی ماڵ و خانووین، رەنگە هەر یەکەی بیر لە شتێك بکاتەوە، خەمی شتێك بخوات، من خەمی دەلاقەی مەم و زین و پێاوەکانم بوو، تازە پیاوەکم کێبوو، جارێ دوو لە پێم کردبوو، لافاو هێند لە پێ هات، بە پێاو رانەگەیشتم، بابم پێدەچوو خەمی چەپەکەی بێ، دایکم باولەکەی، ئەدی نەنەی کۆیێ، نەنکم یەکەم جارە لافاوی ئەرە ببینێ، لە هەمووان پتر تاساوە، ترساوە، ئەوەتا بە هەردوو دەستان سینگی خێی دەکوتێ:
بەسێ، کچم بەسێ، نەدەبوو بەڵێی لافاو هەلدەستێ!
دایکم دەڵێ:
دایە، ترست نەبێ، هیچ ناقەومێ، کەمێکیتر دەنیشتەوە.
نەنەی کۆیێ دەڵێ:
کوەکەم، کوەکەم ئاو دەیبا…

ژنێ، نازانم چ ژنێ بوو، دەڵێ:
نەنە ئایشە، کوڕەکەت لە ژێرییە؟!
نەنەی کۆیە دەڵێ:
لەوێیە، لە کن پەنجەرەکە دانیشتووە..
تاهو واە! ئەو نەنکەی من وێنەیەکی کوڕە هەمەدانیەکەی -هەندێ کەس هەمەدانییان دەگوتێ، ئاخر لەوانە بووە کە کاتی خۆی هەڵاتبوونە هەمەدانێ- بە دیوارەوە هەڵواسیبوو، ئەو کوڕەی خۆی زۆر خۆشدەویست رۆژی سەد جار دەچووە دیاری و پێیدا هەڵدەگوت، هێندە متووی وێنەکە ببوو، زۆر جار هەمەدانیی راستی لە تەنیشتی بوو، کەچی ئەو هەر تەماشای هەمەدانیی وێنەی دەکرد.
نەنەی کۆیە بە دیار لافاوەوە و بەدەم نەرمە سینگکوتانەوە لە بن لێوانەوە ئەوەشی دەگێ:
کلدان و کلچووکەکەم، دەستم بشکێ، دەستم نەیگەیشتێ.
ئەو نەنکەی من رۆژێ جارێ چاوەکانی دەهشت، بێ شایی چووبا، یان لە تازیە با، هەمیشە کلیان لێوە دەتکا.
وەبیرمدێ پیاوانی گەڕەك کۆك بوون لە سەر ئەوەی کە لە پشتەوە خانووەکە کون بکەن و بزگوێ و هیربار بێننە دەرێ، ئاخر دەیانزانی لافاو کاتێ دەنیشتەوە، خانووی ئێمە ئاتاری بە سەر پاتاریەوە نامێنێ، کاریتە و شەقرەکانی گەیشتوونەتە سەیداوە و گەڕەکی جووان و منداڵ بە سەریاندا دەپەڕنەوە، بەڵام بابم ملی نەدا، گوتی:
خانووی من مەگەر لافاوی نووح، دەنا چ لافاوێ نایبات، ئەنگێ دەزانن ئەمن چ خۆشکم بە دەوریدا هەڵداوەتەوە!
نەنەی کۆیە دوای نیشتنەوەی لافاو و شادبوونەوە بە وێنەی کوێ و کلدانەکەی، چیرۆکی لافاوەکەی ئەو زستانەی بە شێوەیەك دەگێڕایەوە کەس لافاوی نووحیشی وا نەگێڕاوەتەوە، وەها دەستیپێدەکرد:
((خودا نازانم لە کێ تووڕەبوو، هات زارکی هەموو کوندەکانی خۆی لە سەر بەلاشاوە کردەوە، دنیا بووە ئاو، ئاو بەرزبۆوە، بستێکی مابوو بگاتە ئاسمان.....))
هەر لەوێ زستانێ لە نێوان هەردوو سێتاقانێ، لە نزیك مزگەفتی حاجی مرادی پێشتر جوو، لە جادەی شێستمەتری دەپەیینەوە، نەنەی کۆیە زۆر لە ترومبێل دەترسا، ترسانێك باوەناکەم چ کوردێ هێندە لە فڕۆکە ترسابێ، هیچ جووکیش هێندە لە کەس ترسابێ، پێدەچوو ترسەکەشی لە ترومبێلەکەی بەفری قەندیەوە پەیبتە دڵیەوە، دەڵێن جارێ لە کۆیە لە نزیك گەراجی هەولێر، ترومبێلێ لە دەستی شوفێر دەردەچێ، وەك ئەسپی سەر شێت مل دەنێ، نەنەی کۆیە لە سەرە کانێکی گەڕەکی بەفری قەندی راوەستایە، ترومبێلی بێ سووکان- هەر ترومبێلێ بەو شێوەیە ملی نابێ بێ سووکانیان دەگوتێ- دێ، ئەگەر

دار تۆلەکە نەبا، نەنەی کۆیی پاندەکردەوە، لەو ڕۆژەوە ترسی ترومبێل نیشتۆتە دڵی و بە بە دەستی فریشتەش ئەو ترسە هەناقەندرێ، ئەو سەرهاتەش لە زاری خۆیەوە هێند ناسك و بەتام بوو، قەستت دەکرد لێوەکانی بگەزی..
ترومبێل لە دووڕەوە دەردەکەوت، نەنەی کۆیێ جێی پێ جێ نەدەما، جارێ بێ پێش جارێ بێ پاش هەڵدەهات، چاوی لە دارتێل دەگێڕا خێی باوێتە پەنای، جگە لە دارتێل باوەێی بە هیچ شتێ نەبوو، شاخ لە وێ با خێی نەدەخستە پەنای.
ئِەوەتا قەمەرەیێ هات، هێشتا دووڕە، نەنەی کۆیێ تا پێی تێدایە هەێات، قەت نەمدەزانی وا لەش سووك بەغارە، ئۆمەی جێهێشت، یەك دوو شەقاو مابوو بگاتە ئەوبەری جادە، لە پێ بایداوە، گەێاوە، لە گەێانەوەدا ترومبێل نزیككەوتەوە، بە ئیستاپێ زیەی لە نەنەی کۆیێ هەستاند، زیەاندم.. ئۆخەی! نەنکم بە پێوەیە، وەبیرمدێ شوفێرەکە گۆتی:
ئەرێ ئەنگێ ئەو ژنە شێتەتان لێ بەرەللای جادە کردووە؟ پانمکردبایەتەوە قوربەسەری هەردوولامان دەبوو.
نەنەی کۆیێ گۆتی:
کوێە دە بێ، ڕێ نەما بۆرەدا دێی!
شوفێر گۆتی:
لەگەێ شێتان چ ناگۆترێ.
دواتر دەمانگۆتە نەنێ بە مە بێ ئەو غارغارۆیەت لە چ بوو؟ دەیگۆ:
کوێم بە دوای دارتێلدا دەگەێام، نەمدۆزیەوە!
ئەو سەرهاتەشی کردە چیرۆك و بە شێوەیەك دەیگێڕایەوە بابمردە و هەشبەسەر خێی لەبەر پێکەنین رانەدەگرت.

بە دوویدا دێ ...

وێکچوونەکانی نێوان دەقەکانی شێرزاد حەسەن و ماردین

ئیبراهیم

شرۆڤ/

ئانوار مەراغەیی ...

مەحاڵە هەموو کەس بتوانێت بەخشین و ئەفراندنەکانی سەدا سەد موکی خەی بێت، بە تایبەتی لە ئەدەبدا وەك چۆن وەژوان سوود لە کەپیکردنی سروشت و دەوروبەرو مەژوو ... تاد وەردەگرێت و دەیانوسێتەوە، جارانێك وەك خەی، جارانکی تریش شتەکیتریان لەدروست دەکات، هەرواش وەژوانان لە نەوان خەیاندا دەچنە ژێر کاریگەریی یەکترەوە، رەنگە ئەم کاریگەرییەش ناراستەوخۆ بێت و بە ئەنقەست نەبێت، هەندەی رەنگدانەوەی ئەدیبەك بێت لەسەر ئەدیبەکی تر..
ئەگەر قسەکانمان چڕتر بکەینەوەو تایبەتی بکەین بە شیعر، ئەوا دەبینین ئەستەمترین زمانی ئەفراندن زمانی شیعرە، لە قۆی و فرەمانایی و تەکنیکی زمانەوە بیگرە تا وشەسازیی و چەکردنەوەو بەکارهێنانی هونەرکانی رەوانبێژیی.. تاد.. بەڵام هەموو نووسەرێك ناتوانێت تا سەر هەموو تەعبیرکانی لە زمانی شیعردا جێ بکاتەوەو بەیەك دەبینین پەنا دەبەنە بەر ژانرکانی تری وەك چیرۆك و پەخشان و رۆمان و ...تاد، ئەمەش دژی دنیای تایبەتمەندییبوونە، کە ناکرێت هیچ نووسەرێك لەهەمان کاتدا لە هەموو ئەم بوارانەدا بەرهەندە بێت.
من بە وردبینیەوە بە رووەکردنەوەی کاریگەریکانی ئەدیبان لەسەر یەکتری ئەم لەکەینەوەم کرد لەسەر (شەوازی شیعریی شەرزادو حەسەن و ماردین ئیبراهیم) کە هەردووکیشیان بە شیعرەوە بەنگ نەبوون و سەریان کەشا بە ژانرکانی تری وەك رۆمان و ... تەنانەت پەلەتیك و وتاری رۆژنامەگەریش. ئیتر زەرینەی خوێنەرانی کوردیش دەکەونە ژێر کاریگەریی خوێندنەوەکانی رەوتی گشتی و ژێر کاریگەریی سەزداریی و رە بە خەیان نادەن مەوزوعیانە ماملە لەگەڵ ئەم بابەتانەدا بکەن. قسەمان لەسەر ئەوانییە کە شەرزاد زیاتر بە چیرکنووسین ناسراوەو ماردینیش مرۆڤکی هزر جوانی مرۆڤدۆستە.

ئەوەی لەرەدا دەمەوێت لەکەینەوەکەی لەسەر بنیات بنەم ئەو نموونە شیعریانەی هەردوو شاعیرن کە ئایا لە دیدگای منی خوێنەرەوە لەکچوونکانیان چین و پێش ئەوەی ئەم راستیانەش بخەمە روو دەبێت ئەوە بڵێم کە ماردین لە شیعردا بە بەراورد بە زمانی شیعری

شەرزاد زیاتر ڕچووەو سودی لە شەرزاد وەرگرتووەو بەڵام توانیویەتی پڕە بەو شەوازە بدات و شەرزاد جێبهێڵێت، کە ڕەنگە زۆر لە خوێنەران بە موکی پاڵفتەی ماردینیشی لە قەڵەم بدەن.

تەوەرەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر ٥ باسدا دابەش دەکەم:

أ/ کۆرسەی هاوبەش. ب/ بونیاتی زمان ج/ دنیابینی هاوبەش د/ سوود وەرگرتن لە تیۆرجی هـ/ بارە تەقلیدیەکەی عەشق
أ/ کۆرسەی هاوبەش.
وەك دەزانین لە هەموو دەقێکدا تەرمی بنەڕەتی و لاوەکی هەن، گرنگ و ناگرنگ هەن، کۆن و نوێ هەن، وێنەی دووبارەو تازە هەن. جارانێکیش ئایدیای هاوشێوەو جیاواز هەن، بە نموونە گەر بڕاوردو لێکچوونی کۆپلەیەکی شەرزاد بکەین بە (ئێدگار ئەلان پۆ) ڕەنگە بڕیار بە ئەنقەستکردن نیەو دەکرێت دوو شاعیر هەمان ئایدیاو ڕەمزو کۆرسەی سەرەکی بەکاربهێنن کە (ڕەشبینی و قەڵەباچکەیە) ئا بەم جۆرە:
شاعیری بەناوبانگی ئەمریکی ئێدگار ئەلان پۆ لە شیعری (قەڵەشەکە) دەڵێت:
دەروازەی پەنجەرەکەم پاپۆوەنا، بە لرفەو
تەپەتەپی زۆری باڵیەوە
قەڵەرەشکی شکدار...
بەسەر پەیکەری پاڵاسی سەرووی درەهای ژوورەکەمەوە نیشتەوە
شیرزاد حەسەن لە شیعری (لاوانەوە) دەڵێت:
خەم وەك قەڵەشکی شووم ..
لە پەنجەرەی بە شووشەی ژوورەکەمەوە دێتە ژوورەوە..

***

جا لەرەوە بە جوونە کرەکی مەبەستمان و وەك نموونە هێنانەوە دەتوانین زیاتر بابەتەکەمان دەوڵەمەند بکەین سەبارەت وێکچوونی کۆرسەی زمانیی(ئیتر یا ڕەمزە یان ناو و ڕووداوی مێژووییە، یان بیرکەی دەربڕینی وێکچوونە) لە نێوان هەردوو شاعیر (شەرزادو ماردین)دا، کە ڕەنگە ئەمەش وەك گوتمان بە ئەنقەست نەبێت و کاردانەوەی نەست بن، بەڵام هەرگیز ١٧ نموونەو زۆر زیاتریش کە ئاماژەم پێ نەداون بە هێکەوت نەبوون، چونکە هەزاران و ملیۆنان تەرم لە ناو هەر زمانێکدا هەن، ئیتر بۆچی هەردووکیان هەر لە جوغزی ئەو وشەو ئایدیا وێکچوانە دەوەستن؟ مەگەر شاعیری ئەفرێنەر تازەهێن و نوێگەر نیە؟! بەهەموو پیکهاتە جیاوازە شیعریەکانەوە؟
هەندێك لە نموونەکان:
١- شەرزاد حەسەن لە شیعری (بە پۆچەوانەوە) دەڵێت:

ئینجانەی سەر بالکۆنەکان ..
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (خوشکەکانم) دڵتەنگە:
بابچین سەیری خەوتنی کچێک بکەین لە بالکۆنەکدا
٢- شەرزاد حەسەن لە شیعری (مانگــــی گەلحـــە) دڵتەنگە:
هەر چوار پەلی ئەسپەکەم دەشکێن
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (پەکەوە پاڵمان بە جەلانەی منداڵەکەوە نا) دڵتەنگە:
لەسەر زینی ئەم ئەسپە چەمووشانەوە
٣- شەرزاد حەسەن لە شیعری (ئەفسانەیگەورەبوون) دڵتەنگە:
ئەوتا لەسەر شەستەی بەندەرەکان
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (خەدیجە) دڵتەنگە:
لەسەر کەنکریتی ساردی بەندەرەکان دەخەوتم
٤- شەرزاد حەسەن لە شیعری (ورچێکی تەنیا) دڵتەنگە:
من هەنوکە لەو نەرە ورچە تەنیاترم
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (تە مەچە بە شەو) دڵتەنگە:
کە شەو وەک بەچکە ورچێک دەیەهێنجاندم
٥- – شەرزاد حەسەن لە شیعری (لە ئەوارێیکدا.. کەدەمردی) دڵتەنگە:
وەک فاحیشەیەک سەنگەسارم کەن
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (خەدیجە) دڵتەنگە:
وەک فاحیشەیەک ڕووت لە وەردەگەڕێت
٦- شەرزاد حەسەن لە شیعری (ئەفسانەیگەورەبوون) دڵتەنگە:
گەمەکردن بە دەنووکی کوکوختییە غەمگینەکان
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (یاسەمینەکانی مردن) دڵتەنگە:
نا ئومێدی کوکوختیەکان
٧- شەرزاد حەسەن لە شیعری (منەمنەکی هاملەت) دڵتەنگە:
. ئەفیلیا-ی جوان..
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (رافائیل) دڵتەنگە:
بە تە بوو ئەفیلیا بە تە بوو
٨- شەرزاد حەسەن لە شیعری (دارشەقەکانی نیشتمان) دڵتەنگە:
چ زوو فریومان خوارد
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (خەدیجە) دڵتەنگە:
تەش فریوی دنیات خووارد
٩- شەرزاد حەسەن لە شیعری (کەسیرە) دڵتەنگە:
کە بە تەك ڕەزو باخە مردووەکاندا تێپەڕیت
درەختەکان بەریان دەگرت
ماردین ئیبراهیم لە شیعری (رافائیل) دڵتەنگە:
بە هەر باخێکدا هەتبووبا

هەرەکان لە ترسا دەوەرین
١٠- شەرزاد حەسەن لە شیعری (زریکە) دەڵێت:
من گوەم لە زریکەی بە ئامان دەبە.. ناڵێیکی جەرگبڕ
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (رافایل) دەڵێت:
گوێی لە ناڵەی ئیبلیسکی زامدار نەبێ
١١- شەرزاد حەسەن لە شیعری (تەنکبوونەوەی ڕۆح) دەڵێت:
ئەو هەموو قینەس نوستووە وەئاگا بهێنی
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (رافائیل) دەڵێت:
دەترسان ئەوینکی ناموراد لە دڵیاندا بدارببتەوە
١٢- شەرزاد حەسەن لە شیعری (ئەربائیلە) دەڵێت:
وای لەو شەندەفەرە غەمگینەی من
وای لە من … وای لە من (شیعری: گەمارۆ / شیرزاد)
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (رافائیل) دەڵێت:
وای لە عیشوە و نازی بەلەمەکان!
١٣- شەرزاد حەسەن لە شیعری (دوا ورتە ورتی من) دەڵێت:
دەستمان لەگەڵ ئەهریمەن تێکەڵ کرد
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (خوشکەکانم) دەڵێت:
لەگەڵ تەمە ئەهریمەن!
١٤- شەرزاد حەسەن لە شیعری (ئەربائیلە) دەڵێت:
بەیەکەوە گوێ بگرین
لەودەچێ ئیسرافیل پەڵەی بێ
– ماردین ئیبراهیم لە ناونیشانی شیعرێکدا دەڵێت:
بەیەکەوە پاڵمان بە جڵانەی منداڵێکەوە نا
بابم ناوی رافائیل بوو (شیعری رافائیل/ ماردین)
١٥- شەرزاد حەسەن لە شیعری (بمانبەخشێ) دەڵێت:
خوشکێ ڕەشپێش، دایکێ جەرگبڕاوەکان
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (فلاورا) دەڵێت:
بۆ ئومێدی خوشکەکانم لەپێ دەخات
١٦- شەرزاد حەسەن لە شیعری (پێشیمانبوونەوەی نوح) دەڵێت:
نێ کەنعان و نێ باکس لەرێن
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (خەدیجێ) دەڵێت:
لە دەشتی کەنعانیش نەبێت
١٧- شەرزاد حەسەن لە شیعری (لە ئەواریکدا.. کەمردی) دەڵێت:
جەنگاوەرەی دەنو برینەکان
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (خەدیجێ) دەڵێت:
بریندارەکان بە هەواشی دەیاننێاند

ب/ بونیاتی زمان:

وەای ئەوەی زمان لای شەرزاد سادەتر دەبێت و لای ماردین دەیەوێت ئەو سادەییە جێبهێڵێت، بەڵام هەردووکیان نەیانویستووە زیاتر کار لەسەر بونیاتی جوانکاریی و وشەسازیی و فرە رەهەندی بکەن، بەڵکو ویستویانە ئەو هەست و پەیامەی هەیانە بزر نەبێت و خوێنەرەکان بە گشتی لێی تێبگەن، هەردووکیان زۆرتر راناوی زمانی شیعریی : کەسی یەکەمی تاك و دوومی تاك (من- تۆ) بەکاردێنن و خەیان و ئەزموون و حەزو ئازارەکانیان بە خەستی خەی دەسەپێنێت بەسەر گوتاری دەقەکاندا. کە ئەمەش تایبەتمەندیەکی زۆر شەوازی راستەوخۆیی بە دەربڕین دەدات.
نموونە:
١- من لە خەونەکانی تەدا ئەو سوارچاکەم (شەرزاد / شیعری مانگی گەلحەڵە)
چیم داوە لەوەی نەفرەتی من (ماردین / شیعری تاعون)
تەم لێ یاد بوو (ماردین / شیعری خەدیجە)
بوومە هاوەڵی ئەو کیسەڵانەی (رافائیل/ ماردین)

ج/ دنیابینی هاوبەش:

٣- بەهیوایی و ڕۆشبینی ئەو دیدو دنیا بینیە لەکچوویە کە هەردوو شاعیر لە زەربەی کوچەو کۆڵانەکانی شیعرەکانیاندا ئاگاکان لە بەردەم خوێنەردا دادەخەن، بەڵکو ماردین ئەم حاڵەتە تێپەڕ دەکات و هەموو نوشوست و ئازارو غەمەکانی خەی بە کاریگەرترین شەواز دەهێنێتەو وەك تەوقەك دەیکاتە ملی خوێنەری کوردی خەرلەخ نەدیوی تراژیدیاوی و کار دەگاتە ئەوەی خەم و ناسەرەکانی دی خوێنەریش بخنوێ سەر ڕووکارو تەکەڵاوی ئەشکەنجەکانی ماردین ببن .
ئەوەتا هەر هەندە بەسە شاعیران دەڵێن:
مەژووی ڕەشی مەینەتی خەم و خەت (شەرزاد/ شیعری مانگی هاوار)
با لەمە بە دواوە نوقمی نەشئەی ڕۆشبینی خەمان بین (شەرزاد / شیعری دوا ورتە ورتی من)
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (تاعون) دەڵێت:
ڕەژەك دەت نائومیدی دامانبگرێت
– ماردین ئیبراهیم لە شیعری (خەدیجە) دەڵێت:
دەموچاوم بخەمە دەستمەوە و بڵێم: تخووا دنیا چییە

د/ سوود وەرگرتن لە تیەڵەجی:

هەرچەندە ماردین لەسەرەتایدا بە قۆناغە سەروشتیەکانی شیعر نووسیندا لەگەڵ شیعردا نەڕۆشتووە، بەڵکو یەکسەر لە چامەوە دەستی پێکردا! شەرزادیش زیاتر وەك چیرۆکنووس و زمانزانی چیرۆك ناسراوە، بەڵام هەردووکیان لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە کە بۆچوونی سوودیان لە تیۆرەجی و سیمبۆڵی ناو ئاینەکان وەرگرتووەو زۆر جار هەمان هەماو ناو و کەسایەتیشیان هێناوەتەوە ، ئەمە ڕەنگی نییە گەر بتوانرێت جیاواز بەکاربهێنرێت و بزانرێت لە کوێدا بەکاردێت، جا نموونەی ئاوها لە زۆربەی کۆچەی شیعرەکانیاندا دەدۆزرینەوە، بەڵام هەر هێندە بەس ئەمە چەند نموونەیەك بهێنینەوە:

شەرزد حەسەن لە شیعری(پەشیمانبوونەوەی نوح)

عیزرائیلیش وا لە ژێر ئەم داربەڕووە

– ماردین ئیبراهیم لە شیعری(تاعون)

مەزموورەکانی داودم دەخوێند

هـ/ بارە تەقلیدیەکەی عەشق :

عەشق و دەداری و سووتان لە پەناوی خۆشەویستدا زمانێکی باوی شیعری کوردیەو وەکو عەوداڵێکی هەرزەکار هەمیشە زۆربەی شاعیرەکان ئەم سەبجێکتە لەبەردەستیاندایە تاکو بەشایی شیعریی پێ پڕ بکەنەوە، تەنانەت لە زەمانی خەرای شەشی تەکنەلۆژی و جیهانگیریشدا، ئایا ئەمە هەکاری نەبوونی ئازادیی تەکنۆلۆژی نیوان هەر دوو توخمە لە کەمەندگای کوردیدا؟ یان لە نەستدا کپەو هەمیشە حزوری هەیە؟ یاخود لاسایکردنەوەی شاعیرانی کلاسیك و پێش خەمانە کە شێتانە بتوێنەوە بە شێخ و ڕەگەزی (مە) ش هەر لەم دیدەوە ببینین، ئەمەیش هەر ڕەنگە بە جوڵاندنی غەریزە کپکراوەکان بێت! ئەمە زۆر لای شەرزاد ڕەنگی داوەتەوەو نەیتوانیوە لەو گوتارە باوەی عەشق خۆی دەرباز بکات، هەرچی ماردینیشە کەمتر ئەم خاڵەی تیا ڕەنگ داوەتەوە، زۆرجار کارەسات و نەهامەتیەکانی ژیان وای کردووە ئەم سەبجێکتە لەبیر بکات، یان پەیوەستی بکات بە وێنەیەکی کارەساتاوی خەفەتهێن.

(شەرزاد لە شیعری ‘پەنجەکانت’ دەڵێت:)

ئای کە حەزم دەکرد لە باتی دەمك

دە دەمم هەبوایە تاوك ساوایەکی برسی و شیرخۆر..

هەر دە پەنجەتم بمژیایە

بۆ ئەنجام:

خوێنەری کارا تاکێکی هەشیارەو لەکدانەوەو سەلیقەو دیدی خۆی هەیە بە دنیاو دەقەکان، بە هەموو شتێك ناڵێت باشە، تاکو لە بۆچوونگیان

نەدات، ئەم دەمانگەیەنێتە ئەو حەقیقەتەی کە رەسەن لە نارەسەن جودا بکەینەوە، دەقی داهێنەر لە دەقی عادەتی و تەقلیدیی جیا بکەینەوە، دەست بردن بۆ هەموو ژانرانەکایش رەنگە توشی نوشستمان بکات، وەک ئەوەی زمانی شیعری سەرکەوتوو گرانترینیانە و کەمترین بازاڕی هەیە لە مەدا ، بەڵام کەمی ئاستی مەعریفەی خوێنەر وای لەدەکات بە زەر دەق بگری و بە زەر دەق حەماس بیگرێ و بە زەر دەق دەمارەکانی ملی ڕەق ببن و هەبەتەقن، بەڵام دوای چەند خولەکێک هەمووی دەپوکێتەوەو دەقەکەش نێک نیشانەی پرسیار جێناهەێت ، بەڵکو هیچ گەڵانکارییەک لە ئاستی تێگەشتن و سەلیقەو هوشیاری خوێنەریشدا بەرپا ناکات، گرنگە هەر یەک لە ئەمە خودی خەمان بین، تا ببینە خاوەن کەسایەتی و بوونەکی سەربەخۆی خاوەن دیدو تەوانین و هەبژاردن، نێک ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هەبژاردنی کەسانی تر بەمان دەخوازن.

لە بەردەم دەرگای نزادا … ڕزگار باهیر

١… دەرەوەیە … بەردەم مزگەوتەکە… ڕژێ.
لەپە دەنگەکی ناخۆشی بەرزی لەناکاو کە قرخەی پاکردنەوەی قورگی مەلایەکە لە پێش بانگ لە بەندگەی مزگەوتەوە دەبیسترێ و ئازادی تەمەن ١١ساڵان کە لەسەر کورسییە بچووکەکەی بەردەم دەزگای بەیاخچێتییەکەی دانیشتووەو بتەک ئاوی بچووکی بەدەمیەوە ناوە بیخواتەوە دەنگی مەلاکە رایدەچەکێنێ، پاشان دەنگی بانگ دەبسترێ. لەبەشی خوارەوەی شەقامەکە لەولای ئازادەوە بە دوومەترەک کاوەی تەمەن ٤٠ساڵ بەدیار عەرەبانەیەکی بچووکی ماست و پەنیر وەستاوە و هاوار دەکات.
کاوە/
وەرە بە دەی دادە …. وەرە بە ماستەکەی قەرەجەتان
وەرە بە ماست و سەرتوڕو ودەکەی لادەکانی خەمان
وەرە و خەت بەبەش مەکە لە شیری تازەی مەرەکانمان.
پیاوەک دەت و چووتەک باوی قاوەیی بەدەستەوەیەو لەبەردەم ئازاد دایدەنەت.

پیاو/
ئەو پێناوانەم بەیاخکە پاش سەعاتیکی تر دەمەوێ بێ.
ئازاد/
بەسەرچاو... نەعلت ناوێت؟
پیاو/
گەلێ نابینیت پێناوم لە پێدایە. جوان بەیاخی بکە با بریقێ
بێت .. دواتر پارەت دەدەمێ.
پیاوە دێوات و کاوێ ماست فرێش بەرەو لای ئازادی بەیاخچی دێت.
کاوە/
ئازە گیان ئاگات لە عەرەبانەکەم بێت تا نوێژەکەم
نەچووە... هەرئێستا دەمەێ.
ئازاد/
کاک کاوە کێی ماستی قەرچەتانە ... کێی ماستی لادێیە..
ئێی لەمانی خەتان دروستی ناکەن!
کاوە/
هەتیو تە تازێی لە بازاڕدا ئەوە تەکنیکی ئیشە تە نایزانی.
کاوە بەپێلە دەروات و خێی بە مزگەوتا دەکات بە نوێژکردن.

ئازاد بزەیەک دەیگرێت وەك ئەوێی گاڵتەی بەقسەکانی بێت و
دەستدەکاتەوە بە بەیاخ کردنی پێناوە قاوەییەکانی کابرا، لەم
کاتەدا پیاوەکی پیری ریش سپی بە پێی پێتی دێتە بەردەم ئازاد.
پیاوی پیر/
کەکەم ئا چوتەك نەعلم بدەرێ پێناوەکانیان دزیوم
دواتر بێت دەنمەوە.
ئازادیش سەیری پیاوێی ریش سپی دەکات و بزەیی پێدا دیتەوە چووتەك
نەعل دەخاتە بەردەم قاچە وشك هەاتووەکانی.
ئازاد/
باشە مامە.. بەچی ئاوا زووزوو لێتان تیکدەچێت
پێناوی یەکتر دەبەن؟
پیاوی پیر/
بەس قسێی هەڵەق ومەڵەق مەکە.. دواتر بێت دەنمەوە.
پیاوێی ریش سپی بەتوڕەییەوە بەرەو سەرەوێی شەقامەکە دێوات.
لەدەرگای مزگەوت پیاوەکی تەنگە ئێستوری قێوی جل وبەرگ شیك کە
چووتەك نەعلی دەاوی لەپێدایە و دەموچاوی توڕە یی لێدەبارێت
بەرەو لای ئازادی بەیاخچی هەنگاودەنێت هەر لەدوورەوە.
پیاوی قێو/
هەتیو ئەوە تە ئەم نەعلانێت بە داناوم من چەند جارم وت

بۆیاخ ناکەم؟
ئازاد/
نەخێر ئەوە نەعلی من نیە.. من هەر نەهاتومەتە مزگەوت
پیاوی قەڵەو/
درەمەکە ناشرین ئەمە نەعلی تۆیە ؟
ئازاد/
بەسەری باوکم ئەوە نەعلی من نیە
پیاوی قەڵەو/
ئەوە چییە ئەو پەڵاو قاوییانە ئادەی با سەیریانکەم.
ئازاد/
ئەوە هی پیاوەکە داینراو تەزیکی تر بۆی دەتەوە
پیاوی قەڵەو/
هەتیوە خوەرییەی دزو و درۆزنە هەشتا دەمت گەرمە
ئەوە خۆ پەڵاوکانی منە.
پیاوی تەنگئەستور یەك زلە دەدات بە دەموچاوی ئازاداو دەکەوێت و خەڵکیان لە کەدەبەتەوە پلیسیش لەوبەری شەقامەکەوە بە پلە دێت بەرەو هووی قەڵەباغیەکە.
شەرم ناکەیت بە ئەدەبی ساختەچی درۆزن.
ئازاد/
ئازاد چاوی پر دەبێت لە فرمێسك و لە جێگەی خۆی بەرز دەبەتەوە وەڵامی پیاوی قەڵەو دەداتەوە.
ئازاد/
من درۆناکەم ئەوەن نوێژدەکەن شتی یەکتری دەدزن .
پیاوی قەڵەو دەستەکی ئازاد دەگرێ و هوودەکاتە پلیس و بە تورەیی و دەنگی بەرزەوە دەڵێت.
پیاوی قەڵەو/
گەورەم ئەم هەتیوە ناشرینەی بە ئەدەبە پەڵاوکانی دزیوم.
پلیسیش یەکسەر دەستەکەی تر ئازاد دەگرێت لە ناو قەڵەباغیەکە دەیبەنە دەرێ.

کۆتایی

زانیتان قاسم سلێمانی چی وت ؟ … عەلی مەحمود محەمەد

